شاعیرێ لاوکانی عێراق-1- عامر ئەلتەیب.. ئا: عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

(1)

من شاعیرێکی لادێیم، قەرزباری ئینتەرنێتم

(عامر ئەلتەیب)ی شاعیر، کار لەسەر نووسینی پەخشانەشیعر دەکات؛ بە زمانێکی سەرنجڕاکێش و هەستکی قووڵی پێ لە جۆش و خرۆش دەنووسێت. لە کردەی نووسینی شیعریدا تەکنیکی کۆپلە کۆپلەکردن لە ژێر یەکە ناونیشانی سەرەکیدا بەکار دەبات؛ هەندێک جار کۆپلەکان لە ناو یەک دەقدا گۆشە پێدەدات و لەژێر یەک ناونیشان کۆیان دەکاتەوە.. بۆ نموونە: لە کۆمەڵە شیعریی «خۆکە سۆزەکانی خوێن» کە ساڵی (٢٠١٩) چاپکراوە.
لە چاوپێکەوتنێکدا شاعیر دەڵێ: من شاعیرێکی لادێیم، حەزم لە گوندە، سروشت لە لادێدا سەزێکی بە هاوتای هەیە. هەوبارەکان بە وریایییەوە تەدەپەڕن و نهێنییەکان لەگەڵ خەیاندا دەبڕن، باڵندەکان دەفڕن و دەنیشنەوە. بەڵاستی لادێ ئارەزووی خوێندنەوە دەوەژێنن.. جارێک گوتم خەڵ لە گونددا چوار جار هەڵدێت، بەڵام هیچ کەس بەوای نەکرد! سەبارەت بە کتێبیش، خوێندنەوەی تامەزرۆ بە هەموو جۆرێک کتێب دەستدەخات و دەیخوێنێتەوە، ساتەوەختی گونجاو بۆ خوێندنەوە دەسازێنێت.
شارەکان خوێنکی گەورە و جیهانێکی پڕ لە دەنگەدەنگن، بەڵام من پێم خۆشە وەک هەبوارێک سەردانی شار بکەم؛ نیشتەجێبوونم لە لادێ هەستی ئارامی و سەزم پێ دەبەخشێت.
هەمیشە شاعیری هەشیار دەتوانێت خۆی لە زەنگاوی لایەنە نەرێنییەکانی (تەکنەلۆژیا)، فەسبووکە بەدوور بگرێت و وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندی، هۆشیبیریی و ناسیاوی… باوەشی بۆ بکاتەوە، کە دواتر لە ئاستی داهێنان و مرۆڤایەتیدا دەستایەتییەکی بەرهەمدار پێکدەهێنێت. کەواتە بۆ ئەوەی گوێ بدەینە نەرێنییەکانی ئینتەرنێت، دەتوانین سوودێکی زۆر گەورەی لێوەربگرین؛ من چی لەووی زانیاری و کتێبەوە، یان لە هووی ناسین و پەیوەندییەوە سوودێکی زۆرم لەوەرگرتووە. دەتوانم بە تەنکی لادێیانە و دایکانە بڵێم: فەیسبووک پێشنیاری کەسانێکت بۆ دەکات کە پێی وایە

دەیانناسیت و تەش بەردەوام بەرەو ڕووی خۆت دەبیتەوە دەربارەی ئەو کەسانەی کە دەتوانیت پەیوەندیی دەستایەتیی هەمیشەییان لەگەڵدا دروست بکەیت.
(عامر ئەلتەیب)ی شاعیر دەڵێت: پەخشانشیعر یەکە جۆر نییە، بەڵکو ژمارەی ئەو شاعیرە باشانەیە کە دەینووسن؛ ئەوەش بیروڕای جیاواز لەبارەی پەخشانشیعر دەخاتەوە. هەروەها دەڵێت بە من داهاتوو بگەشتی دوورە… داهاتووی من ئێستایە.

چەند کەپلەیەکە لە شیعرەکانی عامر ئەلتەیب
لەسەر نیوە پرتقاڵێ،
وێنەی ماڵێکم بۆ کەشایت؛
بۆم چی بکەم،
ڕۆگای نەوانمان پچڕاوە.
زەنگ لە دوورەوە دەنگی بێ،
بۆ ئەوەیە
ئامادە بم
بۆ کۆچکردن.
دایکم بۆ باک، پێچوانەی خۆشەویستی
مەم و چەقۆ بۆکار دەنێت
بۆ ئەوەیە
هەموو شتێ وێران نەبێ.
بۆ دەستی خەم
بۆشک لە پرتقاڵێکە
پاک دەکەم،
لێت لێتی دەکەم!
دەمم پێ دەبڕ لە وشە
و دەم بۆ ئەوەی
پێتان بڵێم: یان هەر هەمووی
بۆ یەکجاری،
یان یەک وشە،
وردیلە وەک ئەسکی ماسی
چونکە بەم جۆرەیان زێتر سەرکەوتووم
و داوا زیاترم لە ناکرێت
هەڵوەر بم.
حەزم دەکرد دەمی پیرەژنەکم بوایە؛
کە لەوکانم دەلەرزن،
حیکمەتم لە دەم بێتە دەر!

وەک ئامڕاز باوەشی خەم دەکەمەوە،
بەڵام لە ناخەوە دەگریم
ئەو کاتانەی چاوم دەکەوە
بە ماڵە هەژارەکان
ئەو کاتانەی
سەبری هەنگاوەکانمان
بە هیچەوە
گرێ دراون.
***
خەشم دەوێت؛
چونکە مردووەکان دەتوانن
دەست لە گوێ دەن
و گوێ بە سرودەکان بگرن،
فرمێسکەکانیش دەتوانن
لە چاوە نوقاوەکاندا گەرم دابەن
لە سەمای تاقگەکانیشدا ئارام بگرن.
***
یەکە حەزم لە پێکەنینە
و دوو حەزم بە گریان دەچێ
بەڵام چاوی مرۆڤ نەشکێ،
کەواتە تۆ چی دەبینی؟
ترسەکم هەیە لە جەنگ
و دەنیاییش بە دامان و لەناوچوون،
کەواتە تۆ سەیر بکە
لە پێش هەموو شتەکاندا
کامیان درژ دەکرێتەوە
و کامیان زیندو دەمێنێ..
من دوو مردنم لە پێشە،
هەر یەکێکیان
ترسناکە و بەسوورە
و هەر تەنها بە ئەوە دەبێت تەم خەش بوێت
مەترسیدارە ئەو کاتەی
نەوانیان
بەیەك دەلکێنم!
**
لە شیعردا
ماڵێکە هەیە

لە نێوان دیوارەکانی ناتوانم بحەسێمەوە،
چەندان ژووریش
کە ناتوانم چراکانیان بکوژێنمەوە،
منداڵانێک
ناتوانم ڕوویان پێ بدەم
و یارییان لەگەڵدا بکەم،
گەلێک لە مەم
کە هەمیشە
پێویستییان بە چاودێریە؛
لەدواین جار
لەبەرامبەر بێک وشەی گەرم و سەزدار
چاوی خەم لە دانوقێنم
و ئێویش کز کز دەتوێتەوە!
**

(عامر ئەلتەیب)
شاعیری هاوچەرخی عێراقی، ساڵی ١٩٩٠ لە شاری (سوێرە)ی پارێزگای (واست) لەدایکبووە. بەوانامەی بەکالۆریسی لە کەلەژی زانستی زانکۆی بەسڕە بەدەستهێناوە، سەرباری بەدەستهێنانی بەوانامەی بەکالۆریس لە ئەندازیاریی (شەردنی بیرە نەوتەکان) لە زانکۆی تەکساس. بە یەکێک لە شاعیرانی دیاری (پێخشانە شیعر) دەژمێردرێت. لە ساڵی ٢٠١٨دا یەکەم کەمپە شیعری بە ناونیشانی (زیاتر لە مردنێک بە یەک پەنجە)ی بڵاوکردەوە. دواتر لە نێوان ساڵانی ٢٠١٨ بە ٢٠٢١ شەش کەمپەی تری بە دوای یەکتردا بڵاو کردەوە. لە ساڵی ٢٠١٨ خەڵاتی یەکێتیی گشتیی ئەدیبان و نووسەرانی عێراقی لەڕێگای کەمپە شیعری دووەمی «وەک دوو دار بە تەنها وەستاوە» وەرگرتووە.
کەمپە شیعرەکانی:
1- وەک دوو دار بە تەنها وەستاوە.
2- خەڵکە سووزەکانی خوێن.
3- تەمەن درێژی بە کەسکی تر.
4- نەک تەنها بە چوانگ تسو.
5- کردارە هەمیشە ئابردووەکان.
6- ئاسمانێکی دوور وەک گەڵێکی کراوە.

ئا: عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

سەرچاوە:
بەوانە: ئینتەرنێت.

- عامر الطيب.. أنا شاعرٌ قرويّ وأدين للإنترنت بالكثير
diffah › https://diffah.alaraby.co.uk.
- باقة من قصائد الشاعر العراقي عامر الطيب : رغبة بالضحك …
ميزان الزمان https://mizanalzaman.com › .